# ئێمە و ئەوان و.... جیاوازیمان!

رعد سليم

پاش هێرشی وەحشیانەی بەربلاوی حکومەتەکەی شارون بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یاسر عەرەفات لە کەرتی رۆژئاواو غەزە دا، لە تەواوی شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا دەنگی نارەزایەتی لە دژی حکومەتەکەی خوێن رێژ شارون بەرزبووەوە. لە زوربەی زۆری ولاتانی ئەورووپی رۆژانە ئاکسیونی نارەزایەتی شەقامەکانی شارەکانی ئەو ولاتانەی دەگرتەوە. رۆشتنی دەبابەکانی شارون بەسەر لاشەی زیندو، خانەولانەی خەلکی بێ دیفاع بە بەرچاوی میدیاکانی جیهانەوە هەستی مرۆڤایەتی ئینسانی دەلەرزاند.

لەبارەی ئەو هێرشە بەربەریەوە، زۆریك لە هیزولایەنە سیاسیەکان و دەولەتانی دنیا هەلوێستیان وەرگرت، لە عێراق و کوردوستانیش هەروەها. ئەوەی جێگای سەرنجە لەزۆریك لاوە ئەو دەنگە بەرزبووەوە بۆچی کۆمۆنیستەکانی کوردوستان لایەنگری لە خەلکی فەلەستین دەکەن، یان ئاکسیونی نارەزایەتی لە دژی ئیسرائیل ئەنجام دەدەن ، خۆ ئەوە فەلەستینیەکان بوون کەلەبەرانبەر ئەنفال و هەلەبجەدا بێ دەنگ بوون ، زۆریان لایەنگری رژیمی بەعس بوون، یان بۆچی فەلەستینەیەکان بۆ ناهەتنە دەنگ لەبەرانبەر کیشەی کورد دا؟

ئەمانە و زۆریك لە پرسیاری تر بەرەوروی کۆمۆنیستەکان دەکرانەوە.

خەلکی کوردوستان بەتایبەتی کوردوستانی عێراق لە ماوەی چەند دەهەی رابردوودا لە ژێر باری وەزعیەتیکی نالەباردا ژیانی بەسەر بردووە، زولمی قەومی، هاولاتی پلە دوو لە کومەلگادا، سەرکوت و لەسیدارەدان، ئەنفال و هەلەبجە.....هتد ئەمانە ژیانی رۆژانەی ملیونەها لە خەلکی کوردوستان بووە لە رابردوو و ئیستادا. زولمیك کە بەسەر خەلکیکدا هاتووە تەنها لەبەر ئەوەی کورد زمان بووە لاپەرەکانی مێژوو جیگای تیدا نابیتەوە. ئەم هەموو زولمانەش سەرچاوەکەی ناسیونالزم و نیشتیمان پەروەرانی عەرەب ودەولەتانی ناوچەکە بووە، ئەمانە لەلای هەموومان روون و ئاشکرایە. ئەو هەموو موسیبەتە و ناکامیەش لە ئەنجامی بەربەرەکانی هەردوو ناسیونالزمی عەرەب و کوردەوە بووە.

ئێمەی ئازادیخوازانی کورد زمان کە هەمیشە کە لە ژێر باری زولم دا بووین ، تامی زولم و ستەم زۆر باش دەزانین، وە ژیانمان لەگەلدا بردۆتە سەر ، زیندان و سەرکوت و سێدارە، ژیانی رۆژانەمان بووە. خەلکی کوردوستان خۆی سالەهای سالە زولمی قەومی لەسەرە و ئەچەوسێتەوە، بۆیە خەلکی کوردوستان نابیت لەگەل هەر زولمێکدا بن کەلە خەلکێکی تر دەکریت. وەنابێت چەپلە بۆ کەسانێك لێبدەن کە تاوان دەکەن ، جا گرنگ نیە ئەو تاوانە بەرانبەر کێ دەکرێت.

لە سوید باوکی سارا کە خوی سویدی یە، کاتیك کچەکەی بە دەستی کوریکی پیاوسالاری ئەریتیری دەکوژریت، ریکخراوی ٥ نوڤەمبەری دژە راسیستی دروست دەکات، وەدەلیت نامەویت راسیستەکانی سوید سوود لە کوژانی کچەکەم وەرگرن بۆ ئامانجی دژە ئینسانی خۆیان، بۆیە رۆژی کوژرانی کچەکەم دەکەم بە رۆژی نارەزایەتی لە دژی راسیستەکان.

ئەوە خەلکی فەلەستین نەبوو کە لایەنگیری رژیمی بەعس بوو، ئەوە ناسیونالستەکان و قەوم پەرستانی عەرەب و فەلەستینی بوون کە وەکو هەمووکاریکی هەمیشیان خەلك دەکەن بە دوژمن لە خەلکی تر لەژیر ناوی بەرگری لە نیشتیمان و عوروبە دا. ئاخر ناکرێت لەبەرئەوەی ابوالعباس(سەروکی جبهە تحريرفلستينی) لە بەغدایە و لایەنگری لە رژیمی درندەی بەعس دەکات، ئیتر ئێمە هەموو خەلکی فەلستینی بە ابو العباس بزانین، یان لە

هەندێك كەس لە ڕاپەڕینی فەلەستینیكاندا وێنەی دیكتاتۆر  سەدام بەرزدەكەنەوە، ئیتر هەموو ڕاپەڕینی ئەو خەلكە بە سەدامی بزانین.  ئیمە چۆن خوازیاری لابردنی زولمی قەومین لەسەر خەلكی كوردوستان ئاواش خوازیاری لابردنی هەموو جورە زولمێكن لەسەر هەموو خەڵكێك  لە تەواوی جیهاندا.

كاتیك دەبابەكانی شارون دەبینین بەسەر لاشەی زیندوی منالانی فەلەستینیدا دەرۆن، دەبابەكانی بەعسمان بیر دێنیتەوە كە گوندەكانی كوردوستنانیان كاول دەكرد، كاتیك هەلەبجە دەبینین، هیروشیماو شەرناك وسەبراو شاتیلامان بیردەخاتەوە. كاتیك ئەنفال دەبینین، سووتانی بە كومەلی جولەكەكانمان بیر دەخاتەوە. ئەوە ئێمەیەن لەوبەشەی خەلكی كوردوستان كە ئەوەندە زولمان دیوەن بۆیە چاومان بە هیچ زولمیكدا هەل نایەت  جا لە هەركەسێك یان لەهەر قەومێك بكرێت. ئێمە لە كاتیكدا كە خوازیاری لابردنی زولمی قەومیین، خوزیاری جیابوونەوەی كوردوستانیین، ئاواش خوازیاری لابردنی زولمی قەومین لەسەر خەلكی فەلەستیین. ئیمە چۆن دژی ئیرهابی ئیسلامین لە دژی خەلكی ئیسرائیل ئەوا دژی ئیرهابی شارونیەكانین لە دژی فەلەسیتنیەكان.

كیشە خەلكی كوردوستان، فەلەستین، زوریك لە شوینەكانی جیهان ناسیونالیزم و قەوپەرستان خولقاندویانە، دژایەتی كردن و چەپلە لیدان بۆ قەتل عامی قەومیكی تر پەیامی ناسیونالسیتەكان و نیشتیمان پەروەرانە. عوربە، كوردایەتی، توركچیتی، یان ئیسلامی، یان نە تەوەپەرستی سویدی و فارسی هەمان پەیامیان هەیە بۆ مروڤایەتی ئەویش جیاكردنەوە  ئینسانەكانە لەسەر ئەساسی قەومی و مەزهەبی. لە بیروبۆچوونی ناسیونالستی دا هیچ كاتیك بەرژەوەندی گشتی ئینسان لەبەرچاو ناگیری ، ئەوەی لەبەرچاو دەگیریت خاك وقەوم و بەرژەوەندی تایبەتیە. ناسیونالیزمەكان هەر كاتیك وویستبیتیان قەومێك بە دۆست لەقەلەم دەدەن لە كاتێكدا كە هاوپەیمان بن لەگەل ناسیونالستەكانی ئەو قەومەدا ، وەهەر كاتیك بەرژەوەنیشیان لە گەل ناسیونالستەكانی ئەو شوینەدا نەمابیت ئەوا ئەو قەومە دەبیتە دوژمن، وە فتوای لەناوبردنی دەدریت. ناسیونالستی كورد كاتیك خەلكی ڕاپیڕی شەری خۆی دەكرد لە دژی ڕژیم شیعاری نە عەرەب ئینسانەو نەخورما میوەیەی بەرزدەكردەوە، بەلام لە دەوریەكی تردا عەرەب  دەبوە براو و ڕەمزی (نضال). فارس دەبووە فورسی مەجووس، دوایی دەبووە دۆستی دیرینی كورد یەك قەوم لەگەل كوردا.  تورك خوینی حەلال بوو، بەلام لە دوایدا هەول و خەبات بۆ دیموكراتیەت كردنی زیاتری جموریەتەكەی  و سنوورە نەپساوەكەی دەكریت. بەراستی ئەمە ماهیەتی ناسیونالیستە نەك بەتەنها ناسیونالستی كورد بەلكو ناسیونالستی عەرەب وفارس و تورك و ئەورویی......هتد. ئەوەش ماهیەتی كۆمۆنیستەكانە كە ئینسان لەهەر شیوینیك بیت بەرگری لە حورمەتی ئینسانیان دەكات. ئێمە پەروەردەی دەستی(كارل ماركس ومنسور حكمەت )ین ئەوانیش پەرەوەردەی دەستی سەركردە هەمیشە زیندوەكان و قارەمانەكانی خویان لە چەشنی سەركردە ناسیونالستە كوردەكان، لە چەشنی ئەفلەق و فرانكو، لە چەشنی ستالین و موسولینی ، لە چەشنی هەیدەر و لۆپون.

ئەوە جیاوازی نیوانمانە بۆیە هەلویست و كارو خەیاتیشمان جیاوازە.

١٠-٠٥-٢٠٠٢

© Kurdistan Net